# کارەساتی ئەنفال و تراژیدیای بێدەنگی!

سیروان کاروانی

ئەنفال مەرگەساتێک بوو لەم سەردەمەدا، کە عەشق و جوانیی خنکاند و بە فرمێسکەکانەوە لە سەرەتای بەهاری پڕ لە سۆز و جوانییەکانی سروشتدا تێکەڵی گڵی کرد. ئەنفال دۆزەخێک بوو لەم سەر زەوییەدا، بە دەستی مرۆڤکوژان بۆ کۆمەڵێک مرۆڤی هەرگیز خێرنەدیو دروست کرا و ساتەکانی حەشری بە گەردوون پیشان دا. ئەنفال هەرچی سەنگەری مرۆڤایەتی هەبوو، هەموویانی تێکشکاند و لەوێوە زەبری ڕەشی دەستەڵاتی بە پیاوچاکان پیشان دا. ئەنفال لە پشت پەردەی ئایینەوە پەیدا بوو و، لە ماوەیەکی کورتدا بۆچوونە مرۆییەکانی لای هەمووان بەگومان کرد.

ئەوانە شتگەلێکن کە ڕای گشتی، ئەوانەی دەبیسترێن و ئەوانەش کە بێدەنگییان هەڵبژاردووە، تەواو ئاگاییان لێ هەیە و لەو ڕووەوەش بەدیقەتن، هەرچەندە کە هەتا ئێستا یەکدەنگییەک سەبارەت بەو کارەساتە گەورە و مێژوویە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و تەنانەت لەناو خودی گەلی کوردیشدا وەک پێویست بەدی ناکرێ.

پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا دڵسۆزانی دژ بەو کارەساتە ئێجگار گەورەیە لە چ ئاستێکدا خەباتیان بۆ کردووە و، ئایا ئەو قۆناغانەی خەبات، تا چەند توانیویانە ئامانج بپێکن و هەر لەگەڵ ئەوانەشدا، بە بەراورد لەگەڵ گەورەیی کارەساتەکەدا، ئێمەی کورد خۆمان چیمان لەدەست هاتووە. ئایا کارەساتی ئەنفال کە ئەو هەمووماڵوێرانییەی بەدوای خۆیدا هێنا، هەر ئەوەیە کە ساڵانە و لەو ڕۆژەدا بەبیر بێتەوە و یادی بکرێتەوە، یان دەبێ لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیش بەو ئاقارەدا ببرێ کە بە فەرمی وەکوو جینۆسایدێکی تەواو ئەنجامدراو بەسەر گەلی کورد لە مێژوودا تۆمار بکرێ. ئاخر کارەساتەکە لەوەدایە کە زۆربەی ئەو ئەفسەر و بەکرێگیراوانەی لە هێرشی ئەنفالدا بەشدارییان کرد، ئێستا لە دامودەزگەکانی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیی نوێدا، بە هەمان شێوە دەستبەکارن.

لای هەمووان ئاشکرایە کە کارەساتی ئەنفال گورزێکی بێئەندازە کوشندە بوو لەم سەردەم و سەدەیەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و لە ماوەیەکی کورتدا مێژووی سەدان هەزار مرۆڤی وێران کرد. بۆیە دەبێ ئەم کارەساتە بە گەورەترینیان بژمێردرێ و سەختترین تێکۆشانی لە هەموو ئاستێکەوە بۆ بکرێ. گەورەترین کارەساتێک لە مێژووی هەر مرۆڤێکدا ڕوویدات، گۆڕغەریبییە، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ئەنفال کران، تەنانەت گۆڕیشیان نییە، یاخود دیار نییە.

ئەنفال سەد هێندەی کە لەسەری نووسراوە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە، زیاتری پێویستە و دەبێ ئەو کارەساتە لە ئاستی گەورەیی خۆیدا تێبڕوانرێ و ڕێزلێنانی بۆ بگیرێ.

جگە لە هەر حکومەتێک کە لە عێراقی عەرەبیدا دێتە کایەوە، دەبێ ڕای گشتیی نێودەوڵەتیش داوای لێبووردن لە گەلی بەشخوراوی کورد بکات و قەرەبووی ئەو زیانە گەورەیە لەبەرچاو بگرێت کە بەسەر سەدان خێزانی هەژاری ناو

کۆمەڵگەی کوردەواریدا هات، چونکە جگە لەو ڕژێمەی کە لە عێراقی عەرەبیدا بەو کارە دڕندەیە و هەموو ئاکارێکی نامرۆڤانە و دوور لە شارستانییەت پێی هەڵسا، ئەوانەش کە بە دراوسێکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبی و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی تریش، کەم نەبوون کە کەم و زۆر بەشدار و ئاگادار بوون لە ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە خەتەرناکەی لەسەر جەستەی کورددا ئەنجام درا.

دەبێ عێراقی عەرەبی نەک هەر لە کاتی دەستبەکاربوونی زاڵمانەی ڕژێمی بەعس و سەرکردایەتییە خوێنخۆرەکەیەوە کە بۆ چل ساڵ دەچوو دەستەڵاتێکی پڕ لە زەبروزەنگ و حوکمی شمشێریان پەیڕەو دەکرد و بە خوێن دەژیان، بەڵکوو بە ناوی عێراقێکی مێژوو نەوەد ساڵەوە داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات، چونکە ئەوە مێژوویەکە کە داگیرکردنی ئەو بەشەی خاکی کوردستان لە لایەن عێراقی عەرەبییەوە لەخۆ دەگرێت.

ئەوانەی لایان وایە گەلی کورد لە سایەی عێراقێکی عەرەبیدا ئاسوودە دەبێ و درێژە بە داگیرکاری دەدەن، ئەوانەی لایان وایە کوردستان بەشێکە لە عێراقی عەرەبی و ئەوانەی لایان وایە هەرجۆرە دەربڕینێک دەربارەی ئازادیی گەل و خاکێک لەم سەردەمەدا گوناهێکە و مشتومڕێک هەڵناگرێ، ئەو جۆرە خەڵکانەن کە باوەڕیان وایە دەتوانن لە سێبەری دووکەڵێکدا بژین.

ئەوە بۆ چەند مانگ دەچێ هێندێک لە سەرانی بەعس ڕاپێچی دادگا دەکرێن و لێپرسینەوە لەگەڵیاندا دەکرێ، کەچی ئەوەی زیاتر لەسەری دەگوترێ، 112 کوشتاری دوجەیلی شیعەکانە. ئەو ڕژێمە بەرپرسیارە لە خوولقاندنی دەیان کارەساتی خوێناوی و گەورەتر کە بێ هیچ گومانێک بە فەرمانی سەرانی ئەو ڕژێمە ئەنجام دراون. تۆ بڵێی کارەساتی کوشتنی 112 دوجەیلی لە 180.000 مرۆڤی ئەنفالی کورد یاخود 5000 مرۆڤی کوردی هەڵەبجە، زیاتر و گەورەتر بێ؟

ئەمڕۆ و لە عێراقێکی عەرەبیدا، ڕاستە کە شیعەکان زۆرینەن و لە هەڵبژاردنەکاندا چۆن کە زۆرینەی دەنگ بەدەست دەهێنن، دەشبێ زۆرترین پۆست و هەروەها پۆستی هەرە گەورە بەدەست بخەن، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە تەواوی پرۆسەکان لە خزمەت ئەواندا بێ و لە هەموو ڕوویەکەوە، پرسی شیعە هەمیشە لە پێش هەمووانەوە بێت. ئاخر لە دادگاییکردنی سەرانی حزبی بەعسدا، هەرگیز نەدەبووایە ئەنفال و هەڵەبجە دوابخرێن. ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆی لێکەمکردنەوەی ئەو کارەساتە گەورەیە و ئەنجامەکەی دوودڵییەک دروست بکات، یاخود دوور نەبوو لە مشتومڕێکی زۆر لەسەر شێوەی بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارەساتە گەورەیە، زۆر خەڵکی تریشی تێوە بگلایە، بۆیە ئەو باجەش هەر دەبێ گەلی کورد و بەتایبەتی پاشماوەی خێزانە ئەنفال کراوەکان و سووتماکەکانی هەڵەبجە بیدەن.